Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102013

# فرەدیاریکەریی لە زمانی کوردیدا (زاری ناوەڕاست)

**عومەر ئەحمەد عەزیز[١] ، صەباح ڕەشید قادر[٢]**

١-بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢-بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە :**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە فرەدیاریکەریی لە زمانی کوردیدا، توێژینەوەکە تەرخانکروە بۆ تیشکخستنەسەر بابەتی فرە دیاریکەریی لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانوگوێزانەوەدا، بەو پێیەی لە تیوری حوکمکردنوبەستنەوەدا لە وەچەتیوری ئێکس- بادا ڕێگە بە یەك دیاریکەر دەدرێت لە ڕۆنانی فرێزەکاندا، بەڵام لە پرۆگرامی کەمینەدا کە دواین مۆدێلی ڕێزمانی چۆمسکییە کە پێشنیاز کراوە، بابەتی فرە دیاریکەری لە تیوری بار فرەیزدا وەکو ئەگەرێك خراوەتەڕوو، ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی بیرۆکەی فرەدیاریکەرییە لە زمانی کوردیدا بۆئەوەی بزانرێت ئەم پێشنیازەی چۆمسکی تا چەند لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێت، توێژینەوەکە لە پێشەکییەك، کە وەکو دەروازەیەك بۆ توێژینەکە خراووەتەڕوو، لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، کە خۆی لە سێ تەوەر دەبینێتەوە پێکدێت.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

پرۆگرامی کەمینە، دیاریکەر، فرەدیاریکەریی، گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەرەکان، پاساودان

***Corresponding Author***

**پێشەکی:**

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ڕستەکان بە شێوەی درەخت ( بەشێوەی کەوانەش) نواندنیان بۆ دەکرێت، درەختی ڕستەکان تەنها بۆ نواندنی ڕستە نییە، بەڵکو لەڕێگەیانەوە پەیوەندی (سەر- تەواوکەر)،پەیوەندی وەچەئاراستەکردن، حوکمکردن و دۆخپێدانیش ڕوندەبێتەوە، وەکو دەزانین لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا چەندین تیور و گریمانەی جیاواز خراونەتەڕوو، چی لەلایەن دامەزرێنەرەکەیەوە کە چۆمسکییە، چی لەلایەن ئەو زمانەوانانەی لە بورای ڕێزمانی بەرهەمهێناندا توێژینەوە دەکەن، یەکێك لەو تیورانەی گرنگی زۆری هەیە لە توێژینەوە ڕێزمانییەکاندا بریتییە لە تیوری حوکمکردنوبەستنەوە، هەروەها یەکێك لەو بابەتانەی لە تیورەکەدا و لەناویشیدا لە وەچەتیوری ئێکس – باردا بووەتە جێی سەرنجی زمانەوانەکان بریتییە لە پێکهاتەی فرێزەکان، چونکە لە وەچە توری ئێکس باردا تەنها یەك پێکهاتەی گشتیی بۆ ڕۆنانی فرێزەکان لە هەمو زمانەکاندا هەیە، لە درەختی وەچە تیوری ئ-ێکس باردا بۆ سەری هەر فرێزێك تەنها ڕێگە بەیەك دیاریکەر دەدرێت ، ئەم بابەتە وەکو لایەنی کەموکورتی تیورەکە سەیردەکرا، تا ساڵانی نەوەدەکان و سەرهەڵدانی پرۆگرامی کەمینە لەلایەن چۆمسکییەوە، لە پرۆگرامی کەمینەدا تیوری دروستەی بار فرەیز جێگەی ئێکس- باری گرتەوە، لە تیوری بار فرەیزدا ڕێگە

به فره دیاریکەریی دەدرێت، دیاره ئەمەش پێویستی به ئارگیومێنتکردنه، چونکه دەبێت به پێناسەکاندا بچینەوە، که ئایا دیاریکەر چییه؟ ئایا دیاریکەر دەبێت دۆخ وەربگرێت؟ پەیوەندی سەر و دیاریکەر چۆنه؟ حوکمکردنه، یان تەنها پەیوەندی وەچەئاراستەکرن به شێوەی ئەسیمەتری له نێوان سەر و دیاریکەر و تەواوکەردا هەیه؟

ئەم پرسیارانه جێی سەرنجن و توێژینەوەکە هەوڵێکه بۆ خستنەرووی چەند بەڵگە و ئارگیومێنتێك بەپێی ئاراستەی خستنەرووەکانی نێو توێژینەوەکە، چونکه بابەتێکی وا ڕەنگه زیاتر له توێژینەوەیەکی بوێ مەودای توێژینەوەش ڕێگه نادات هەموو لایەنەکان لەم بابەتەدا بخەینەڕوو.

توێژینەوەکە جگه له پوختە و پێشەکیی له سێ تەوەر پێکدێت، له تەوەری یەکەمدا بەکورتی هەر دوو مۆدێلی ڕێزمانی تیوری حوکمکردنوبەستنەوە و پرۆگرامی کەمینە خراوەتەڕوو، له تەوەری دووەمدا فرەدیاریکەریی باسکراوە، پاشان له کۆتا تەوەردا تیشك خراوەتە سەر فرەدیاریکەریی له پرۆگرامی کەمینەدا، له کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەشتووە لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکان خرونەتەڕوو.

**مۆدێلی ڕێزمان له تیوری حومکردنوبەستنەوە/ GB و پرۆگرامی کەمینە /MP دا**

تیوری حوکمردنوبەستنەوە تا ساڵانێکی زۆر له چاوچێوەیدا لێکۆڵینەوە دەکرا، ئەمەش بوبوە هۆی ئەوەی گرنگی زۆری هەبێت و بەشێوەیەکی سەنتەری له لێکۆڵینەوەی ڕێزماندا سەیربکرێت، تیورەکە وەکو مۆدێلێکی ڕێزمان خۆی له چوار ئاستی سەرەکیدا دەبینییەوە، که جگه له فەرهەنگ ئاستەکان بەیەکەوە بەرپرس بوون له نواندنی ڕۆنانە سینتاکسییەکان، فەرهەنگ له مۆدێلی حوکمکردنوبەستنەوەدا وەکو کۆگایەك سەیردەکرا/ Repository، که تێیدا پۆلەڕەگەزەکان به سیماکانیانەوە تێیدا گەنجکرابوون، چوار ئاستە ڕۆنانییەکەش بریتیبوون له ئاستی دروستەی قوڵ/ Deep structure و ئاستی دروستەی ڕوکەش/ Surface –structure، پاشان ڕۆنانەکان له ئاستی دروستەی ڕوکەشدا دەبونە خاوەن دوو پێکهاتە ئەوانیش پێکهاتەی فۆنەتیکی PF/ و پێکهاتەی لۆجیکی LF/ بوون.

فەرهەنگ و دروستەی قوڵ بەشێك بوون له فاکەڵتی زمان و زمانە ناوەکییەکە/ IL ، که له پرۆگرامی کەمینەدا دەچنە نێو سیستەمێکەوە پێی دەوترێت سیستەی کۆمپیوتەری زمانی مرۆڤ/ CHL، فەرهەنگ و دروستەی قوڵ پەیوەست کرابوون به چەند تیورێك وەکو پرەنسیپ، ڕۆڵیان دەبنی له ڕۆنانی دروستە سینتاکسییەکان، لەوانەش پرەنسیپی پرۆژەسازدان/ Projection Principleتیوری دۆخ Case theory/ تیوری ثیتا / Theta theoryتیوری ئێکس بار-X / theory BAR، که پەیوەندی ڕۆنانیی دوستەسینتاکسییەکانی دەخاتەڕوو. مۆدێلی ڕێزمانی پرۆگرامی کەمینە بەهەمانشێوەی حوکمکردنوبەستنەوە له سیستەمێکی مەعریفیی( درکپێکراو)/ Cognation پێکدێت، که مۆدۆلارە و فاکەڵتییەکی سەربەخۆیە له مێشکدا، ئەم فاکەڵتییە له پرۆگرامی کەمینەدا تەنها پەیوەستە به دو ئاستی پکێداچو و پەیوەندیدارەوە، که ئەوانیش ئاستی دەنگ و واتان، واتە زمان پێکنایەت له دو, ئاستی دروستەی ڕوکش و دروستەی قوڵ، بەڵکو زمان لەناو فاکەڵتییەکدایە له مێشکدا بەشێوەی مۆدیولار کاردەکات و سەربەخۆیە له سیستەمەکانی تری بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئەم سیستەمە مەعریفییە، ڕاستەوخۆ خاوەن دوو پکێهاتەیە، ئەوانیش (دەنگ و واتا) ن، ئەمەش جیاوازی نێوان هەر دوو مۆدێلەکەیە، بۆ نمونە یەکێك لەو تیورانە له مۆدێلی حوکمکردنوبەستنەوەدا پەیوەست کرابوو بەدروستەی ڕوکەشەوە بریتیبوو، له تیوری بەستنەوە/ Binding theory، پاش نەمانی دروستەی ڕوکەش وەکو کەموکورتییەك و بەشێوەی ڕەخنە ئاراستەی پرۆگرامەکە دەکرا، بەڵام چۆمسکی ئەوەی خستەڕوو، که هەموو بەستنەوەکان دەچنە، ناو فۆرمی لۆجیکییەوە.( بڕوانە: (Chomsky n1995

یەکێکی تر لەو تەوەرانەی، که خاڵی جیاواز و جیاکەرەوەی نێوان هەر دوو مۆدێلەکەن بریتییە لەوەی مۆدێلی ڕێزمانی GB زۆر سنوردارە، ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەکان تەنها له چوارچێوەی ئەو سنورەدا دەکران، گرنگترین پێکهێنەرەکانی مۆدێلەکە بریتی بوو له ( تیوری دۆخ، تیوری بەستنەوە، ئێسك بار، گواستنەوە، تیوری ثیتا...تاد) ئەمە هەمو ئەو وەچە تیورانەن/Sub-theory له چوارچێوەی مۆدێله ڕێزمانەکەدا له ڕێگەیانەوە لێکۆڵینەوە دەکرا، هێڵکارییەکەی خوارەوە مۆدێلی ڕیزمانەکە دەردەخات:



بەڵام پرۆگرامی کەمینە تیور نییە، واتە سنوردار نییە، بەڵکو پرۆگرامێکە بۆ لێکۆڵینەوەی لە زمانی مرۆڤ، ئەم پرۆگرامە چەندین بیر و ئایدیای جیاوازی تێدایە، بۆیە دەوترێت پرۆگرامی کەمینە چەندین ئایدیای جیاوازە لەلایەن توێژەرانی بوارەکەوە، کە لە تیوری بنەما و پارامێتەری/p.p ی چۆمسکییەوە دەستپێدەکات، لەم پرۆگرامەدا چەندین تیورو وەچە تیور و مۆدێل و بنەمای جیاواز پێشکەشکراون، بۆ نمونە( بار فرەیز، ئەسیمەتری، گریمانەی ڕیزبونی لێکچوو، گریمانەی لارسۆن، بنەما ئابورییەکان وەکو گریمانەی کەمترین پەیوەندی/MLC، گریمانەی مینیماڵیستی بەهێز/ SMT، تیوری فەیس/phase، بنەماکانی ناوچەیی/locality ، تیوری پاساودان، لێکدان، کۆنترۆڵ، ڕێککەوتن، گریمانەی شەقبونی فرەیزەکان، بنەمای لێکدانەوەی پراوپڕ، سیمای بەهێز و لاواز، سیمای بیناراو و نەبیناراو، سیمای شرۆڤەکراو و شرۆڤەنەکراو...تاد)

**فرەدیاریکەریی/Multiple or Mirrored Specifier**

هەنگاوەکانی پرۆگرامی کەمینە پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بیرۆکەی وەچە ئاراستەکردن بە مەبەستی خستنەڕوی پەیوەندی نۆدەکان و بونی حوکمکردن لە MP خراوەتەڕوو، کە لایەنێکی گرنگی ڕۆنانە لە زماندا. بەشێکی تری پەیوەست بە ڕۆنان بریتییە لە چۆنێتی دابەشبوونی (سەرە و تەواو کەر و دیاریکەرەکان/H-C-S )

لە تیوری حوکمکردنوبەستنەوەدا و لە وەچەتیوری ئێکس-باردا، کە بۆ ڕۆنانی فرێزەکان لە زمانەکاندا خرایەڕوو، گریمانەی ئەوە کرا فرێز لە هەموو زمانەکاندا یەك دروستەیان هەبێت، بەڵام هەر زمانەو پارامێتەری خۆی هەیە بۆ نمونە پارامێتەری سەرە لە زمانەکاندا زمان هەیە سەر -سەرەتایە/Head Initial و زمانیش هەیە سەر-کۆتاییە/Head Final بەمجۆرە:




وەکو لە درەختەکەدا دەبینرێت، لە تیوری ئێکس - باردا دروستەی هەر فرێزێك لە سێ ڕەگەز پێکدێت( سەر،دیاریکەر،تەواوکەر) دیاریکەر لە درەختەکەدا دەبێتە وەچەی پرۆژەی گەورەکە و خوشکی پرۆژە ناوەندییەکە. (بڕوانە: Radford: 2004: 76)

دیاریکەر لە سەرەتادا ئاماژەبو بۆ فرێزە ئاوەڵکرداریەکان، کاتێك دەبنە دیاریکەری فرێزە ئاوەڵناوی و فرێزە پێشناوییەکان بۆ نمونە:

- زۆر جوان
- زۆر بەپەلە

فرێزە ئاوەڵکرداریەکان بە فرێزی سەربار/هەڵواسراوAdjunction ناسراون( بۆ زاراوەی هەڵواسراو بڕوانە: سازان زاهیر:2019: 121)

لە سەرەتادا دیاریکەر بە دیارخەرەکان /Determiner دەوترا هەر ڕەگەزێك کەوتە پێش سەرەوە ئەوا دیاریکەرە، زۆرجار دەوترا دیاریکەر ئەو ڕەگەزانەن، زانیاری زیاتر لەبارەی سەری فرێزە ناوییەکانەوە دەدەن، وەکو ( ئامرازی نیشانە، ژمارە...تاد) ( دیارە ئەم بۆچونە لە دروستەی فرێزپێکهێنان باو بووە، بۆ دروستەی فرێزەکانی زمانی کوردی لەم ڕوانگەیەوە بڕوانە: ئومێد بەرزان:2012: 19-68)

لە MP بەم شێوەیە دیاریکەرەکان دەناسرێنەوە:

- دیاریکەر ئەو پێکهاتەیە، کە دەبێتە بکەری فرێزی کرداریی، واتە لە شوێنی Theta ی VP دایە.
- ئەو شوێنەیە، کە ئارگیومێنتەکانی بۆ دەچن، واتە ئەو شوێنەیە کە ئارگیومێنتەکان بەرزدەبنەوە بۆی لە ڕێگەی جوڵانەوە.
- ئەو شوێنانەن کە پرۆژە گەورەکان دادەخەن، واتە بنەمای EPP بەجێدەگەیەنن. 0(بڕوانە: Salih (2018:116Ibrahim:
- دیاریکەرەکان ئەو پێکهاتەیەن، بەپێی گریمانەی وەچەئاراستەکردن، هەموو ئەو نۆدانە وەچەئاراستە دەکات، کە دەکەونە ڕکێفییەوە.

لە پرۆگرامی کەمینەدا، دروستەی بار فرەیز شوێنی ئێکس-بار دەگرێتەوە، لە بار فرەیزدا ڕێگە بە فرە دیاریکەریی دەدرێت( هەندێکیش دەڵێن گریمانەیەکی لاوازە) بە پێچەوانەوەوە وەکو لە هێڵکارییەکدا خستمانەڕوو، لە ئێکس-باردا تەنها یەك سپێك لە فرێزدا هەیە، هێڵکاری فرە دیاریکەریی بەمجۆرەیە:




( بۆ هێڵکارییەکە بڕوانە:سەڵاح حەوێز:2014:228 و تارا موحسین قادر:2011:140)

بەپێی هێڵکارییەدرەختییەکەی سەرەو بێت، ئەم فرێزان هاوشێوەی درەختەکەن:

- هەر دوو کتێب
- هەر تەنها دوو کتێب
- ئەم دوو کتێبە




دیاریکەر ئەو پێکهاتانەن لە درەختی رستەدا، لەگەڵا پرۆژە ناوەندییەکاندا، کە سەری فرێزەکانن لێکدەدرێن بۆ رۆنانی پرۆژەی گەورە، بەمجۆرە:




(بڕوانە: :2004:78Radfoed)

چۆمسکی بانگەشەی ئەوە دەکات کە TP لەهەندێك زماندا بەتایبەتی (زمانی ئایسلەندی/Icelandic) ڕێگەدەدات بە دوو دیاریکەری، چونکە زمانی ئایسلەندی تایبەتە و TP داوای ئەوە دەکات کە بکەرەکە دوجار پاساوبدرێت، ( بۆ نمونە و درێژەی بابەت لەسەر زمانی ئاسلەندی بڕوانە: Iris (146-1997:135Mulders:

چۆمسکی ئەوەی خستۆتەڕوو، کە پرۆژە گەورەکان دەشێت زیاتر لە دیاریکەرێکیان هەبێت، بابەتی فرە دیاریکری بە دوو شێوەی جیاواز خراوەتەڕوو، یەکێك لەوانە بریتییە لەوەی، کە سەرێك زیاتر لە دیاریکەرێك وەربگرێت، دووەمیان ئاماژەیە بەوەی سەرێك زیاتر لە جارێك دیاریکارێك پاساوبدات! دووەمیان بە گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەر/ Mirrored Specifier دەناسرێت، ئەمەش لەووەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕۆنانێك دوو جار لە درەختەکەدا دەربکەوێتەوە، ( Iris mulder) گریمانەی وێنەدانەوەی پێشنیازکردووە بۆ ئەوە زمانانەی، کە سەری فرێزەکانیان زیاتر لە دیاریکەرێك وەردەگرن، ئەم گریمانەیەی ئیرس بە گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەر/Mirrored Spec hypothesis ناسرا.( بڕوانە: (Iris Mulders: 1997

بۆ ئەوەی بیرۆکەی فرە دیاریکەریی لە زمانی کوردیدا ڕونبێتەوە لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەین کە ئایا دیاریکەر تەنها لەلایەن ئەو سەرە ئەرکیانەی کە خاوەن سیمای پرۆژەسازدانی فراونکراون داوای دەکەن، یان لەلایەن پرۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکانی وەکو (VP,AP,DP) داوادەکرێن؟ یان ئایا مەرجە دیاریکەر لە شوێنی (ثیتا-Theta) دا بێت، یان شوێنی دیاریکەر شوێنێکی ئارگیومێنتییە و داواکراوە لەلایەن سەرەکانەوە، واتە حومککراوە و کەوتۆتە دۆخەوە، یان بونی شوێنی Theta و کەوتنە دۆخ مەرج نییە بۆ دیاریکەرەکان؟

**فرەدیاریکەریی لە پرۆگرامی کەمینەدا:**

فرە دیاریکەریی لە پرۆگرامی کەمینەدا وەکو ئەگەرێك سەیردەکرێت، لەم ڕووەشەوە چەند گریمانەیەك لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو، وەکو گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەرەکان/Mirrored کە بریتییە لە پاساودانی سیمایەك زیاد لە جارێك، تایبەتی زمانی کوردیی لە پێکهاتەی فرێزەکاندا وا دەردەکەوێت زیاد لە دیاریکەرێك ڕێگەی پێدەدرێت، بەتایبەت بۆ فرێزە دیارخەریی و ناویی و ئاوەڵناوییەکان، بەمەرجێك پێویستە گریمانەکە بەوجۆرە بخرێتەڕوو، کە پێچەوانەی بەماکانی دارشتن نەبێت لەوانە بنەمای دو پلکی/Binary و بنەمای دوانەیی/Duality خۆی لە لێکدانی دوو ڕەگەزدا دەبینێتەوە، و بنەمای پرۆژە سازدانی فراوانکراو/EPP کە بریتییە لە بونی بکەر لە شوێنی دیاریکەری پرۆژە گەورەکە.

بەپێچەوانەوە گریمانەی فرەدیاریکەریی پێچەوانەی هەنگاوەکانی لێکدانە/Merge کە جەخت لەسەر لێکدانی دوو ڕەگەز دەکاتەوە، لەلایەن هەڵبژاردنەوە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێردرێت و لە هەنگاوی لێکداندا لێکدەدرێن، بەجۆرێك لەگەڵا بنەماکانی نواندنی فرێزەکان بگونجێن، کە پێویستە بنەمای دو پەلکی و دوانەییان تێدا بێت، سەرە ئەرکییەکانیش پەیرەوی هەمان بنەما دەکەن، واتە هەرەمی /Hierarchical درەختی فرێزەکان پێویستە دوانەیی بن، (چۆمسکی 1993) ئاماژە بەو کردارانە دەکات، کە زیاد لە بەرکارێکیان هەیە، بەرکاری دووەم بە کردەی لێکدانی دووەم لێکدەدرێت، بەمجۆرە:



(بڕوانە:چۆمسکی :1993:28)
پێشتر خستمانەڕو فرەسپێکی لەگەڵ مەرجی دۆخدا ناگونجێت، چونکە سەرەیەك بەپێی تیوری دۆخ توانای دانی دۆخی بەیەك ڕەگەز هەیە، بەڵام مەرجی دۆخ لابرێت ئەوا فرەدیاریکەریی گونجاو دەبێت بەپێی زمانەکان، واتە زیاد لە دیاریکەرێك لە پێشەوەی سەرەی فرێزەکان هەبێت پێویستمان بەوەیە بابەتی فرەدیاریکەریی ببەستینەوە بەوەی کەچی فرێزێك لە زمانی کوردیدا خاوەن سیمای EPP/ ، چونکە ئەو فرێزانە داوای دیاریکەر دەکەن و دیاریکەرەکانیش بە کردەی جوڵان بەرز دەبنەوە بۆ شوێنی سپێك، هەرچەندە تیوری دۆخ گۆڕاوە بە تیوری پاساودان، بەڵام پاساودانیش پەیوەنی بە جوڵەوە هەیە، ڕەگەزێك بۆ ئەوەی پاساوبدرێت دەبێت بجوڵێت .( لەبارەی فرەدیاریکەرییەوە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە: Archi tecture -1997:135Iris Mulders: و 2009:9and antje lahne : 146)
لە زمانی کوردیدا فرەدیاریکەریی لە دۆخێکدا دەردەکەوێت، کە زمانەکە بە دۆخی ئێرگەتیڤی لێکبدەینەوە، چونکە وەکو دەوترێت زمانی کوردیی لە ڕابووردرخێکدا دۆخی ئێرگەتیڤی تێدا ماوە، ئێرگەتیڤ سیستەمێکی دۆخی زمانە کۆنەکانە و لە بەرهەمهێناندا ئەم سیستەمە دەگۆڕێت بۆ سیستەمی دۆخی (نۆمینەتیڤ – ئەکیوزەڤەتیڤ) زمانێك ئێرگەتیڤی بێت بکەری کرداری تێنەپەڕ و بەرکاری کرداری تێپەڕی هەمان دۆخیان هەیە، هەمان دەرکەوتن و ڕێککەوتنیان هەیە، بەپێی درەختی ڕستەش هەر دووکیان دەچن بۆ شوێنی دیاریکەریی فرێزی تاف، چونکە هەر دووکیان ڕێککەوتون لەگەڵ کرداردا، لە زمانی کوردیدا لە ڕابردوی تێپەڕدا دەردەکەوێت:




وەکو دەبینرێت بکەر و بەرکارەکە بەهەمانشێوە ڕێککەوتون لەگەڵ کردارەکە لە دروستەی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا، هەر بۆیە ئەم زمانانە پێیان دەوترێت زمانە ئێرگەتیڤییەکان، هەرچەندە زمانی کوردیی بەتەواوەتی ئێرگەتیڤی نییە، بەڵکو لەم حاڵەتەدا ئێرگەتیڤی تێدا ماوە، بۆیە بەجۆرە زمانانە دەوترێت ئێرگەتیڤی قڵیشاو، یان پچڕاو،( بڕوانە: فاتمە دانش:2020:47) زمانەوان (هینگ) لەم بارەیەوە دەڵێت:
- زمانە ئێرگەتیڤییەکان ئەو زمانانەن کە بکەری کرداری تێنەپەڕ و بەرکاری کراری تێپەڕ هەمان دۆخیان هەیە.
- بکەری تێنەپەڕو بەرکاری تێپەڕ لەگەڵ کرارداردا ڕێکدەکەون.
- لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بکەر و بەرکار یەك شێوەیان هەیە. ( بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: 51)
هەر بۆیە بکەر و بەرکار لەم بارەدا بەرز دەبنەوە بۆ (Spec-TP) بکەرەکە بۆ پاساودانی دۆخی ئێرگەتیڤی بەرزدەبێەو دەجوڵێت، بەرکارەکەش بۆ پاساودانی دۆخی ئەبسولەتیڤی بەرکاریی و بەدیهێنانی بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراو، چونکە لەڕوی ڕێزمانەوە ئەم بەرکارە هەمان دۆخی بکەرەکەی هەیە، با بڕوانینە درەختی ئەو نمونەیەی کە خستمانەڕوو:




(لەبارەی پاساودانی فرەفیچەریی/Multiple feature و دۆخی ئێرگەتیڤی بڕوانە::2000:20 - Ura24 )

**ئەنجام:**

1- لە تیوری حوکمکردنوبەستنەوەدا وەچەتیوری دۆخ بەربەستە لە بەردەم بابەتی فرەیاریکەریدا، چونکە هەر سەرێکی فەرهەنگیی، یان ئەرکیی توانای بەخشینی دۆخی بە یەك کەرەستە هەیە، یان توانای حوکمکردنی یەك کەرەستەی هەیە.
2- فرە دیاریکەریی لە پرۆگرامی کەمینەدا و لە زمانی کوریدا ڕێگە پێدراوە، بە مەرجێك پێشێلی بنەماکانی ڕۆنانی فرێزەکان نەکات، کە خۆی لە بنەمای دوانەیی و دو پەلیکیی لە درەختەکەدا دەبینێتەوە.
3- لە سەری فرێزە ناویی و ئاوەڵناویی دیارخەرییەکاندا فرە دیاریکەریی ڕێگە پێدراوە، چونکە سەری ئەم فرێزانە ڕێگە بە بونی زیاد لە دیاریکەرێك دەدەن.
4- جگە لە داننان بە فرەددیاریکەریی بەشێوەی بونی زیاد لە دیاریکەرێك لە پێشەوەی سەری فرێزەکان، گریمانەکە بە شێوەی جیاواز پێشنیاز کراوە، وەکو گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەر، واتە سەری فرێزێکی ئەرکیی یان فەرهەنگیی زیاد لە کەرەستەیەك وەکو دیاریکەر پاساوبدات.
5- وەکو لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو، ئەگەر دان بە دۆخی ئێرگەتیڤیدا بنێین لە زمانی کوردیدا ئەوا سەری فرێزی تاف بکەر و بەرکار پاساو دەدات لەهەمانشیوێندا، ئەمەش وەکو فرەدیاریکەریی دادەنرێت.

**سەرچاوەکان:**

1- ئومێد بەرزان (2012)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کودیدا، سلێمانی.

2- تارا موحسین:2011، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام( ماجستێر) زانکۆی سلێمانی .

3- سازان زاهیر(2019) نواندنی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی

4- سەڵاح حەوێز، (2015)پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

-5 Archi tecture and anje lahne (2009), a multiple Specifier approach to left-peripheral architecture .

-6 -Chomsky, N. 1993. A Minimalist Program for Linguistic Theory, MIT occasional papers in linguistics, -1 67. Reprinted in: Chomsky (.(1995)

-7 1995 The logical structure of linguistics theory MIT press, USA

-8 Hiroyuki URA (2000) checking theory and grammatical function universal grammar, oxford university press .

9- Iris Mulders(1997)Mirrored Specifier, Published online linguistics in Netherlands 14-p 146-135

-10- Radford, A. (2004), English Syntax an Introduction, CAMBRIDGE, UNIVERSITY PRESS.

-11 Salih Ibrahim ahmed (2018), a generative study of possessive constructions in English and central kuedish phd) salahadin university.